کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# نەوشیروان مستەفا خەریکی دروستکردنی خانوی تەجاوەزە، ئاخۆ ئەمە گەندەڵیی نیە !!

ئالان....2.6.2007
alan_ashti@yahoo.com

غاباتێک دەکەوێتە نێوان گەڕەکی ئاشتی و گەڕەکی ڕیعایەوە، ئەم غاباتە شوێنی حەوانەوە و کات بەسەربردنی منالان و گەنجان و بەتەمەنانی ئەم ناوچەیەبوو. هەموو سەرەتای بەهارێک منالانی ئەم ناوچەیە بەجلو بەرگی ئالو والاوە سەیرانی بچکۆلەیان رێکدەخست و گەنجانیش بۆ سەعیکردن و پیاسەکردن رویان تێدەکرد و شوێنی پیاسەی ئێوارانی بەتەمەنان بوو. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتێیکەوە لەلایەن حیزبی بەعسەوە پشتگوێ خرابوو.

من خۆم کاتێک سەیری ئەوگردەم دەکرد کە ناسراوبوو بە گردی محافز کە ئەوکات (شێخ جەعفەر)ی تیا بوو وە موقاڕەنەم دەکرد بەم گردەی گەڕەکی خۆمان، بەدەم خۆمەوە دەموت، ئەگەر حیزبی بەعس بەنییوەی خزمەتگوزاریەکانی گردەکەی محافز بۆ ئەم غاباتە سەرف بکات ئەوکات لەجیاتیی یەک نەفەر واتە (شێخ جەعفەر)، هەزارەها خەڵک لەشاری سلێمانی دەبنە خاوەنی شوێنێکی خۆش و نزیک بۆ حەوانەوە. بەڵام ئەوکات وەڵامی خۆمم بەوە دایەوە کە ئەو حیزبی بەعسەو لە بەعسیش هیچ شتێکی باش چاوەڕێ ناکرێت، بۆیە تەنها وەک خەیاڵێکی تەمەنی ئەوکاتی گەنجی مایەوە.

کاتێکیش ڕاپەڕین ڕویداو پێمان وابوو ئەمە سەرەتای بیرچوونەوەی دەردەسەرییو ناخۆشیەکانی کاتی بەعسەو سەرەتای بەدیهاتنی خەوو خەیاڵەکانە، بەڵام بەداخەوە ئەوە سەرەتای وێران کردن و دەست بەسەراگرتنیی ئەوانەش بوون گەربە نییوە ناچڵییش بێیت مابوونەوە.
ماوەی زیاد لە شانزە ساڵ لە دەسەڵاتی ئەحزابی کوردی بیرێک لەوەنەکرایەوە ئەمغابەتە بکرێتە سەیرانگایەک بۆ خەڵکی شار و بیرکردنەوەلێی کارێک بوو قابیلی قبوڵ نەبوو، بەڵام بۆ کردنی بەماڵی نەوشیروان مستەفا کارێکی ئاسایی و زۆر ئاسانە.

گە ردییقەتبدەین دەبییینین سەرکردەکانیتریشیان لە نەوشیروان باشتر نیین، بۆ نموونە دەتوانن بڕواننە دەستبەسەربەسەراگرتنی سەریڕەش لەلایەن مەسعود بارزانی یان سەیرانگای دوکان و ئەزمەر لەلایەن جەلال تالَبانی. بۆ یەک چرکە بیهێنە پێشچاوت سەیرانگای دوکان لە لایەک ( شوێنی سەیرانگای خەڵک لە دوکان) لەلایەک ( شوێنی جەلال تاڵەبانی هەر لە دوکان)، لەیەکێک لەچاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئەو خەڵکەی چوو بوون بۆ سەیرانگای دوکان تاقە ئومێدیان تەنها کردنەوەی چەند ئاودەستێک بوو، کە هەر چەند مەترێیک لە سەروو شوێێنی موقابەلەکەوە نەک هەر ئاودەستێک بەڵکو بەهەشتێک بۆ تاڵەبانی دروست کراوە وەک ئەوەی ئێستا نەوشیروان لە غاباتەکەی ئێمەدا بۆ خۆی دروست دەکات و وەک ئەوەی مەسعوود بارزانی و نێچیر لە هەولێیر و مەسییف کردویانە و وەک ئەوەش کە بۆ ئێمە خەڵکی کێردستان دروست کراوە" بەڵام لەم دنییانا بەڵکو لەو دنیا"!

**ئەو غاباتەی نێوان گەڕەکی ئاشتی و ڕیعایە کەدەستی بەسەردا گیراوە لەلایەن نەوشیروان مستەفەوە، موڵکی خڵکە و دەست بەسەراگرتنی نیشانەی تەجاوەز و گەندەڵیە و مانای دەست بەسەراگرتنی موڵکی خەڵکە لەلایەن هێزی چەکەوە !**
بەسەرپەرشتیی نەوشیروان مستەفا و بە بیانوی کردنەدەرەوەی هێزی چەکدار لەشارەکان هێرشیان کردە سەر پێشکەوتنخوازتریین و کەم چەکدارتریین حیزب لەکوردستان و عێراق" حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" و هەوڵدانی چۆلکردن بە ماڵەکەی حەمەی حاجی مەحموود، کەچی ئێستا هەرخۆی نەوشیروان مستەفا نەک هەر هێزی چەکدار بەڵکو خەریکە شوێنی سەیرانگاو حەوانەوەی ناو گەرەک و شوێنی خەڵک دەکاتە مەعسکەر بێئەوەی ڕایخەڵکەکەشی وەربگرێت.

منالانی ئەمگەڕەکانە ئەم ساڵ بەهۆی لەق بوونی شوێینی نەوشیروان لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا بێ بەشبوون لە سەیران و خۆشی و سەفا لە م غاباتەدا، لەمەودوا منالان ناتوانن ئاگری نەورۆز لەسەر غاباتەکە بکەنەوە، لەمەودوا شەڕەبەفری زستانانی ناو غاباتەکە مەمنووعە، لەمەودوا گەنجان و بەساڵاچوان بۆ پیاسە و گەڕان ناتوانن ڕووبکەنە غاباتەکە، لەمەودوا گەنجان نابێ وەک جاران دەبە ئاوەکە و کتێبەکەیان بگرن بەدەستەوەو بچنە غاباتەکە بۆ سەعیکردن و خوێندنەوە "کە جاران ئومێدمان بوو کارەبا و ئاوی بۆ ڕا بکێشرێ" ! لەمەودوا دانیشتن لە غاباتەکەو خەیاڵکردنەوە و موقاڕەنە کردن بە گردەکەی محافز واتە( شێخ جەعفەر )محافزی کۆن مەمنووعە، چونکە لەمەودوا غاباتەکە دەبێتە گردەکەی( شێخ نەوشیروان مستەفا)، بۆیە غاباتەکەمان بۆتە مەنتیقەی موحەڕڕەمە !

ناخۆشحاڵم کە ئازادانە ناوی ڕاستەقینەی خۆم نانووسم لەبەر ئەوەی هەموومان زۆر باش داستان و ئەرشییفی پڕ خوێناویی و سەرکوتی نەوشیروان موستەفامان هەر لەیادە چ لە شاخ و چ لە شار، جا با ئێستا سیاسەتی زەمانە نەوشیروانی لێ کردبیینە ڕەخنەگر و ڕۆژنامەگەر! **گورگ گەر لە پێستی مەڕیشدابێت هەر گورگە!**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com